## سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک

# حکومەتی جەعفەری دینارێکی بۆ ئاوەدانکردنەوەی پارێزگای کەرکوک خەرج نەکردووە

دیداری سۆران مامەحەمە - کەرکوک



پەرلەمانی کوردستان ناتوانێت لێپرسینەوە لەگەڵ ئێمە بکات

دوا بە دوای بڵاوکردنەوەی چاوپێکەوتنێکی بەڕێز (حەق ئەلحەکیم) سەرۆکی ئەنجومەنی ئاوەدانکردنەوەی عێراق و ڕاوێژکاری (د. جەعفەری) سەرۆك وەزیری عێراق لە ژمارە (٣٧)ی گۆڤاری لڤیندا کە تیایدا تیشکی خستبوە سەر گرفتەکانی بەردەم ئاوەدانکردنەوەی بارودۆخی کەرکوك و تەرخانکردنی بڕە پارەی دیاریکراو بۆ ئەو شارە.

لەو چاوپێکەوتنەدا (حەق) بە توندی ئەو تۆمەتانەی ڕەتکردەوە کە باس لە کەمتەرخەمی ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراق دەکەن و لە بەرامبەردا بەشێکی زۆری کەموکوڕی و کەمتەرخەمیەکانی خستە ئەستۆی بەرپرسانی کورد و بەرپرسانی شاری کەرکوك.

بۆ خستنە ڕووی هەڵوێست و وەڵامی پارێزگای کەرکوك (لڤین) بە پێویستی زانی سەبارەت بەو بابەتە بەڕێز (ڕزگار عەلی) سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکوك بدوێنێت.

لەو چاوپێکەوتنەی لڤیندا ڕزگار عەلی لەبارەی سەردانەکەی ئەم دوایەی (د. جەعفەری) بۆ تورکیا ئاماژەی بەوەکرد "ئێمە وا گومان دەبەین کە مەبەستی ئەو سەردانە پەیوەست بووە بە باسکردن لە چارەنووسی کەرکوکەوە کە هەم جەعفەری لە ماوەی دەسەڵاتدا ڕێگربووە لەبەردەم چارەسەرکردنی بارودۆخی کەرکوك و هەم تورکیاش کە ئاشکرایە بە هەموو شێوەیەك هەوڵی ئەوە دەدات دەستی لە مەسەلەی کەرکوکدا هەبێت.

لەبارەی پەیوەندی ئیدارەی شارەکە بە ناوەندەوە لە بەغدا ڕزگار عەلی وتی"پەیوەندیمان باش نییە و لێك نەگەیشتن هەیە لە نێوانماندا"

بۆ قسەکانی (حەق ئەلحەکیم)یش کە هۆکاری دواکەوتنی بڕە پارەی تەرخانکراو ی کەرکوکی خستبووە ئەستۆی بەرپرسانی شارەکە، (ڕزگار عەلی) ئەو تۆمەتانەی بە ناڕاست داناو وتی"ئە و قسانە دورن لە ڕاستییەوە، چونکە ئەوان لە بنەماوە باوەڕیان بە چارەسەری کێشەی کەرکوك نییە و گرفتی بۆ دروستدەکەن وە هۆکارن بۆ دواخستنی ئەو بڕە پارەیە" هەروەها وتی"جەعفەری هەمیشە سیاسەتی بەرامبەر کەرکوك باش نەبووە و کەمتەرخەم بوە لە جێبەجێکرنی کارەکان لە پارێزگای کەرکوکدا"

ڕزگار عەلی ئاماژەی بەوەشکرد کە "تەنها بڕە پارە ئەوان وەریانگرتبێت ئەو (٢٥) ملیۆن دینارە بوو کە لەگەڵ خۆی هێنای و ئێمەش بەو پارەیە چەندین پرۆژەمان



کوتلەی کوردی لە ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک لەبەردەم تاقیکردنەوەیەکی گەورەدایە

## مەبەستی ئەو سەردانەی جەعفەری بۆ تورکیا پەیوەست بووە بە باسکردنی چارەنووسی کەرکوکەوە کە هەم جەعفەری ڕێگربووە لەبەردەم ئاسایی کردنەوەیدا و هەم تورکیاش هەوڵی ئەوە دەدات دەستی لە شارەکەدا هەبێت

ئەنجامداوە و لەسەر ئاکتیڤیی بەڕێوە چوونی پرۆژەکان لە لایەن ناوەندەوە دەستخۆشیمان بۆ هاتۆتەوە" وتیشی"حکەمەتی جەعفەری دینارێکی بۆ کەرکوک سەرف نەکردوە"
سەبارەت بە ئیمزا کردنی یاداشتێکەوە لە کاتی سەردانی وەفدی پارێزگا بۆ بەغدا کە بە ڕەسمی هۆکاری دواکەوتنی بڕە پارەی تەرخانکراویان خستۆتە ئەستۆی خۆیان ڕزگار عەلی وتی"دوو ئەندامی پارێزگا بەناوی ئێمەوە ئەو کارەیان کردووە و ئێمە لێی بەرپرسیار نین، ئێستاش ئەو دوو ئەندامە یەکێکیان خانە نشینە و یەکێکی دیکەیان ماوە، لێکۆڵینەوەش لەو مەسەلەیە تا ئێستا بەردەوامە"
بەپێیئەو زانیاریانەی دەست لڤین کەوتوە لە دوای سەردانی ئەم دواییەی جەعفەری بۆ کوردستان و خستنە ئەستۆی کەمتەرخەمییەکانی بە دەمەوە چوونی کەرکوک بۆ بەرپرسانی شارەکە سەرکردایەتی سیاسی کورد لە ڕێگەی پەرلەمانی کوردستانەوە لیژنەیەکی پێکهێناوە بۆ لێکۆڵینەوە لە لایەنی بەرپرس لە جێبەجێکرنی مادەی (٥٨) و ئاوەدانکردنەوەی کەرکوك. دەربارەی کاری ئەو لیژنەیە و ئەو ئەنجامانەی کە پێی گەشتون لەگەڵ بەرپرسانی شاری کەرکوك ڕزگار عەلی وتی"من ئاگاداری ئەو لیژنەیە نیم، بەڵام لە ڕووی ئیدارییەوە پەرلەمانی کوردستان ناتوانێت لێپرسینەوە لەگەڵ ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگا بکات، چونکە ئێمە لە ڕووی ئیدارییەوە سەر بە بەغداین، بەڵام وەکو حزب لێپرسینەوە کراوە، من ئەندامێکی یەکێتی نیشتمانی کوردستانم و دەتوانێت لێپرسینەوەم لەگەڵدا بکات"
دەربارەی گەندەڵی ئیداری لەدام و دەزگاکانی پارێزگای کەرکوکدا کە بەبڕوای خەڵك لە ئاستێکی باڵادایە سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگا وتی"ئێمە بەڵگەمان لە بەردەستدا نییە لەوەی کە گەندەڵی لە دام و دەزگاکاندا هەبێت، هەر کەسێك بەڵگەیەکی لە بەردەستدا بێت لەسەر دەزگایەك ئێمە لێپرسینەوەی تێدا دەکەین"
دەربارەی ئەو پرسیارەی پەیامنێری لڤین کە وتی لە کاتێکدا شارەکە پێویستی زۆری بە خزمەتگوزارییە، ئەنجومەن بودحەیەکی (٢٠٠) ملیۆنی بۆ ئەندامانی خۆی دابینکردووە لە کاتێکدا دەکرا بەو بڕە پارەیە کۆمەڵێك پرۆژەی خزمەتگوزاری پێویست بۆ شارەکە دابینبکرێت ڕزگار عەلی وتی"کردنی ئەو جۆرە پرسیارانە نیشانەی دواکەوتویی و ناهۆشیاری ڕاگەیاندنی کوردییە"